کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 4-11-2007 17:31

# پەرلەمانی کوردستان بێ دەستەڵاتە یان گوێی لێناگیرێ؟ ... هاووڵاتییەک: زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکان فەرمانبەرن و نوێنەری حیزبەکانن نەک نوێنەری جەماوەر و گەل... ڕاپۆرت: ستیڤان شەمزینانی

Shamzini79@hotmail. com

زیاد لەهەر شتێك و بەشێوەیەکی بەردەوام باس لەلاوازیی وبێ دەستەڵاتی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت، بەجۆرێك هەندێ ناوەندی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆ ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی پەرلەمان دەزگایەکی کارتۆنی و شکڵییە وەك لەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەقینە ناوەند ومەرجەعیەتێکی خاوەن دەستەڵاتی یاسایی بێت



لە وڵاتدا، هەندێکی تر پێیانوایە بێ دەستەڵاتی پەرلەمان پەیوەستە بە حیساب نەکردنی سەرکردایەتی سیاسی کورد ودەستێوەردانی حیزبەکانەوە لەکاروباری پەرلەماندا، دژە بۆچوونیش پێیوایە ئەندام پەرلەمانەکان خۆیان لاوازو کۆڵەوارن لە بەڕێوەبردنی کاروباری پەرلەمانیدا، کەمینەیەکیش باس لەوە دەکەن ژیانی پەرلەمانیی و ئەزموونی پەرلەمان لەکوردستاندا زۆر تازەیە و مێژوویەکی دوورودرێژی نییە بۆیە دەبێت بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕێت (کە کەموکورتی لەم قۆناغانەدا شتێکی حەتمییە) ئەوسا دەتوانێت ببێتە پەرلەمانێکی ئەکتیڤ وچالاك و لەئاستی داخوازیی جەماوەر و هاووڵاتیاندا دەبێت، هاووڵاتیان کەمترین متمانەیان بەپەرلەمان هەیە و بگرە زۆربەیان لەئاستی تاکەکەسدا ئاماژەیان دەکرد بۆ چەند ئەندام پەرلەمانێکی ئەکتیڤ کەچالاك ودیارن و کاری جیدیی دەکەن!لەلایەکی ترەوە ئەندام پەرلەمانەکانیش قسەی خۆیان هەیەوبەشی زۆریان هێما دەکەن بۆ ئەوەی ئەندام پەرلەمانەکان وەك تاکەکەس کەمتەرخەم و غەمسارد نین بەقەدەر ئەوەی لەبەردەم ئەوانیشدا گیروگرفت و ڕێگریی زۆر هەیە کەناهێڵێت وەك پەرلەمانتارێکی ئەکتیڤ و واقیعی ڕۆڵ و دەوریان هەبێت لەهەر پرسێکدا.

فازیڵ محەمەد – هاووڵاتییەکی دانیشتووی شاری هەولێرە و دەڵێت: ئەندام پەرلەمانەکان هەر غەمی خۆیان و کەسوکارو بنەماڵەی خۆیانە، ئەوەندەی شەڕ لەسەر پارە وموچەو دەرماڵەو سەیارە و شوققەکانییان دەکەن بەچارەگی ئەوە داکۆکی لە میللەت و خەڵکی ڕەش و ڕووت ناکەن، بەخودای هەر بێزیان نایەت گوێ لە ڕەش و ڕووت بگرن و قسانیان لەگەڵ بکەن، هەرلەبیری دەکەن بەدەنگی ئەوانە بوونەتە پەرلەمانتاروخاوەن دەستەڵات، جائەگەر لەوڵاتێکدا پەرلەمانتار بووە مەعاشخۆر و هەموو خەونەکانی بچووك بووەوە بۆ غەمی گیرفان و بەرژەوەندیی تایبەتی و شەخسی ئیتر ئەو وڵاتە ڕوو لەکاولی دەکات و دوورنییە بەکەمترین دەستێوەردانی دەرەکی لەناوبچێت چونکە هیچ متمانەیەك لە نێوان هەردوولایەنی خەڵك و دەستەڵاتدا کزبووە و نەماوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ژیان عوسمان – دانیشتووی شاری هەولێرە و زۆر نیگەرانە لە حیزبەکانی کوردستان، هیچ متمانەیەکی بەقسەی حیزبەکان نییە و گومان لە دڵسۆزییان دەکات و وایدەبینێ ئەوان پەرلەمانیان ئیفلیج کردووە، بەنیگەرانییەوە دەڵێت:پەرلەمان چی بکات کە کەس نەبێت بەقسەی بکات؟ زۆر یاسای چاك دەردەکەن و زۆر بڕیاری باش دەدەن و زۆر هەنگاویشیان ناوە، لەچاو جاراندا پەرلەمانی ئێستا زۆر چالاکە و گەرموگوڕیی باش هەیە لەگفتوگۆکانداوهەندێجار دەگاتە ئاستی چۆڵکردنی لیستێك یان پێکهەڵپڕژانی لیستەکانی ناوپەرلەمان، جاران ئەمە نەبوو بەڵام خەتاکە لە حکومەت وحیزبەکانەوەیە کە هیچ حسابێك بۆ رای پەرلەمان و پەرلەمانتاران ناکەن و وادەزانن ئێستاش هەر سەردەمی شاخە کە لەئەشکەوتەوە و بەجیهاز بڕیار دەربکەن، سەردەمەکە گۆڕاوە بەڵام حیزبەکان نەگۆڕاون بۆیە من خەتاکە ناخەمە ئەستۆی ئەندام پەرلەمانەکان بەڵکو دەیخەمە ئەستۆی حکومەت و حیزبەکان و سەرکردە گەورەکان.

دەرسیم کامیل – دانیشتووی شاری سلێمانییە و ئەندامێکی باڵای یەکێك لەرێکخراوەکانی گەنجانە دەڵێت: ئەوەی ئێمە هەمانە نە پەرلەمانە نەدیوەخانە نە تەکیەشە! ئەگەر دیوەخانیش بووایە خۆ هەر دەبوو هەندێ قسەی بیخواردایەو جێبەجێ بکرایە، بڕۆ لە زۆربەی ئەوانە بپرسە کە ئەمڕۆ ئەندام پەرلەمانن دەستەڵات و سنووری کاری تۆ چەندە؟ لەسەر ژیانم دەیکەمە گرەو نایزانن، ئەو کە سنوورو ئەرکەکانی خۆی نەزانێت سەدلەسەد ناشزانێت چۆن کاردەکات وبەچ شێوەیەك ئەرکەکانی سەرشانی راپەڕێنێت، لەهەمووشی هەزەلی تر ئەوەیە هەر کاتێك مەسەلەیەکی گرنگ دێتە پێشەوە پەرلەمان نەك هەر دەنگی نییە بەڵکو بێ شەرم دەڵێن پەرلەمان لەپشووی فەرمیدایە، باوەڕ ناکەم بەپەرلەمانی دە وڵاتی ئەوروپی بەقەد پەرلەمانی کوردستان پشوویان هەبێت باوەڕیش ناکەم لەهیچ شوێنێك ئەندام پەرلەمان هەبێت بەقەد پەرلەمانتارەکانی کوردستان موچەی هەبێت وخاوەن سەرمایە بێت!کەچی ئەوەش ئیشەکانیانە وەك دەیبینین وەڵڵا هەر هیچ نەکەن باشتر وراحەتترە.

ئەڵوەند عەلی ئەکبەر – ژنە کوردێکی فەیلییەو دوای ئەوەی لەشاری بەغداد هەڵاتووە، لەگەڵ خێزانەکەیدا رووی کردووەتە شاری سلێمانی، وەك خۆی باسی کرد ماوەی ساڵ ونیوێکە لەکوردستانە بۆیە زۆر ئاگای لە پەرلەمانی کوردستان نییە بەڵام دەربارەی ئەوەی بیستوویەتی وهەستی پێکردووە لەم ماوەیەدا لەبارەی ئەو پەرلەمانەوە وتی:بەوردی ئاگام لەرۆڵی پەرلەمان نییە بەڵام ئەوەندەی من لەم ماوەیەدا لەوبارەیەوە بیستوومە ئەوەیە پەرلەمان کارا نییە و وەك پێویست بەکارەکانی خۆی هەڵناستێت، هۆکارەکانی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حیزب و حکومەت و پەرلەمان تێکەڵاو بوون، من وەك پارێزەرێك ئەوەی لەماوەی یەك ساڵ و نیوی رابردوودا لە کوردستان بینیوومە ئەوەبووە قەزا سەربەخۆ نییە ودادگا خاوەن دەستەڵات وسەربەخۆ نییە، پەرلەمان سەربەخۆ نییە ئیتر لەم کاتەدا ئەو دەزگایانە ناتوانن وەك پێویست رۆڵ بگێڕن و لەبواری خۆیاندا کاری پێویست بکەن، هەتا دەستێوەردانی حیزبی هەڵنەگیرێ و تاوەکو پەرلەمان سەلاحیەتی نەدرێتێ پەرلەمان هەر دیکۆر دەبێت خۆ سەردەمی سەددامیش لە عێراقدا پەرلەمان هەبوو بەڵام هەر دیکۆر بوو کاریان هەر ئەشەدبیلا کردن بوو بۆ قسە لار و لەوێر و بڕیارە سەرشێتەکانی سەددام حسێنی دیکتاتۆر و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بەناو شۆڕش.

ڕێبین هادی - هاووڵاتییەکی دانیشتووی شاری سلێمانییە وەك زۆربەی هاوتەمەنەکانی خۆی لەئەدای پەرلەمان رازی نییە و دەڵێت: بەتەحەداوە دەڵێم ئێمە پەرلەمانمان نییە! کەی ئەوە پەرلەمانە کەلەکاتی دایەلۆگ کردن لەسەر مەسەلە هەرە گرنگەکان دەبینین ئەندام پەرلەمانەکان خەویان لێکەوتووە یان خەیاڵیان رۆیشتووە؟ بەداخەوە ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستان خۆیان بە فەرمانبەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەزانن و وەك فەرمانبەرێکی ئاسایی کار دەکەن و زۆربەشیان نوێنەری حیزبەکانیانن نەك نوێنەری جەماوەروئەو گەلەبن کەدەنگی داونەتێ تا بچنە ئەو جێگەیە.

هەرچەند سەیری پەرلەمانی کوردستان دەکەم پێکەنین دامدەگرێت نە شەڕە کورسی تیایە نە پرتەو بۆڵەی تیایە نە رای جیاوازی تیایە نە دەنگەدەنگ وبایکۆتی تیایە نە هەڵوێستی تیایە نە جەرائەتی تیایە! بەپێچەوانەوە هەرچی شتێك دێتە بەردەستیان بە زۆرینەی دەنگ کەلەگەڵ میزاجی سەرکردەکاندا بگونجێت پەسەندی دەکەن یان یەکسەر رەفزی دەکەن و لەکۆڵی خۆیانی دەکەنەوە چونکە ئەوان لەو شوێنە فەرمانبەرن وکاری فەرمانبەر دەکەن، تا ئێستا نەبووە کەسیان یەك هەفتە تەرخان بکەن بۆ چوونە ناو خەڵك بەڵکو لەماڵ و ڤێلاکانیاندا بەتەراحی لێی دانیشتوون و هەست ناکەن هیچ بەرپرسیارییەك کەوتبێتە سەر شانیان.

نەبەز بەرزنجی – خوێندکاری ماستەرە لە زمانی ئینگلیزیی و لەهەمان کاتدا لەبواری وەرگێراندا کاردەکات دەڵێت: ئەوە پەرلەمانە هەمانە یان عەنتیکەخانەیە؟ یەکێك لەبەرئەوە کراوە بەپەرلەمانتار پێشمەرگەی شاخەو یەکێکی تر لەبەرئەوەی زۆر مەغدوورە و یەکێکی دیکەش لەبەر خاتری خاتران و نازانم دانەیەکی تریش زۆر دڵسۆزی حیزبە و ئەمیان سەر بەکوتلەی کاك فلانە کەسە و ئەویتریان لەبنەماڵەی نازانم کێیە، کەسێکی ئەوتۆی تیا نابینم کەبەهەق پەرلەمانتار بێت جگە لەچەند دانەیەکیان کەبەحەقیقی دەزانن پەرلەمان چییەو چۆن کاری پەرلەمانتاریی ئەنجام دەدرێت، باقیاتیان هەموو هەر خەریکی خۆیانن و هەرکەس بۆخۆی و بۆبەشی خۆی شین دەکات و کەسی ئاگای لەوەنییە دەبێت چی بکەن و چۆن مامەڵە لەگەڵ واقیعەکاندا بکەن!! ئەمەیە نەگبەتی وڵاتەکەمان ئەندام پەرلەمان هەیە دووساڵە دوو رستەی لە پەرلەماندا نەوتووە و تا ئێستا لەبەردەم هیچ مایکێکدا تەنانەت نەکۆکیوە چجای قسە بکات و رای خۆی هەبێت و هەڵوێست نیشان بدات!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.